# لەمەڕ چەپی کوردی

**ڕێژوان ئەحمەدی**

هاتنی ئەندێشەی چەپ [بە واتا مارکسیستییەکەی] بۆ ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتداریی قاجارەکان؛ بەڵام لەگەڵ هاتنەسەرکاری پەهلەوییەکان بوو کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دواتریش حیزبی توودە بە فەرمی دامەزران. گوتاری سەرەکیی حیزبە چەپەکانی ئێران جیاواز لەوەی بە جلوبەرگی مارکسیستی داپۆشرابوون، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەییی ئێران و جوغرافیای سیاسیی ئێران خۆی پێناسە کردووە. ڕەگەی «نەتەوەگەراییی ئێرانی»، هەمیشە لە هەناوی ئەو گوتارەدا هەبووە و پاراستنی مەفهومی «ئێرانی فەرهەنگی»ی بە ئەرک و ڕەسالەتی خۆی زانیوە.

عەداڵەت چەمکێکی فرەرەهەند و فرەمانایە، بــەو واتایە کــە ئەو چەمکە لــە قوتابخانە فکرییەکان، مانا و مەدلوولی جیاواز بەرهەم دێنێ و ئەوەش لە سەردەمی ئێستا بووەتە بەشــێک لە ناکۆکییە فکرییەکان. روون و ئاشــکرایە چەمکە فکری و فەلسەفییەکان بــە پێــی هەلومەرج و دۆخی بەســتێن و کانتێکســتەکان، مانای تایبــەت بەخۆیان بەرهەم هێنــاوە و هەوڵیان داوە لە رێگەی دروستکردنی دەزگا و سیستەمێکی فکری و کۆنکرێتی، کێشەکانی کۆمەڵگای خۆیان چارەسەر بکەن. نکۆڵی لەوە ناکرێ رێبەرانی سیاسیی عەداڵەتخواز وەک «مائۆتسەتۆنگ»، «ویلادیمیــر لێنین» و «فیدێل کاســترۆ» و زۆرانی تر، بیرۆکەی مارکسیستییان هەبووە و لــە ژێــر کاریگەریی «کارڵــڵ مارکس»، چەمکی «عەداڵەت»یــان کردووە بە چەقی بیرکردنەوەیــان. بەڵام ناتوانیــن ئەو فێڵە لە خۆمــان بکەین و بڵێیــن هەر یەک لە مارکسیسمی رووســی، چینی و ئەمریکای لاتین، بە یەک شێوە کاریگەرییان هەبووە و یەک هێڵی فکری و عەمەلییان کێشاوەتەوە. بێگومان بەســتێنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووریی ئەو وڵاتانە لێکتر جیاوازن و هەر وڵاتە بە پێی بارودۆخــێ تایبەت بە خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.

چینی سەردەمی مائۆ، چینێکی پێش هاتنی ســەرمایەداری بوو و بەشــی زۆری خەڵک بە شــێوەیەکی نەریتــی دەژیان و ئابوورییەکەشی لەســەر بنەمای کشتوکاڵ هەڵدەسووڕا؛ بۆیە مائۆ زۆرتر لەسەر هێزی «وەرزێــر»ی وڵاتەکەی چڕ بــۆوە و ئەوانی کــرد بە جێبەجێکاری ســەرەکیی گۆڕانی مێژوویی وڵاتەکەی. کۆمۆنیستەکانی چین بــە رێبەرایەتیی مائۆ، توانیــان گەورەترین دوژمنی خۆیــان و داگیرکەری وڵاتەکەیان واتــا ژاپــۆن راو بنێن و لــە وڵاتی خۆیان دەریان بکەن و کۆماری سۆسیالیستیی چین دابمەزرێنن و چین لە دەستێوەردانی بێگانە بپارێزن. هەروەها لە رووسیا کاتێک حیزبی بەلشــەویک خەباتــی چینایەتیی خۆی بە رێبەرایەتیی لێنین دەست پێ کرد، خەڵک بە دەستی تێزارەکانەوە دەیانناڵاند و لێنین بــە لۆکاڵیکردنی تیئۆرییەکانــی مارکس، فەزایەکی سیاسیی تازەی لە وڵاتەکەی خۆی خوڵقاند و بوو بە ئیلهامبەخشــی بەشێکی زۆر لە روناکبیرە مارکسیستەکانی جیهان. دەمهەوێ بڵێم پرســی «عەداڵەتخوازی» بە پلەی یەکەم هــاوکات بوو لەگەڵ رزگاریی نیشــتمانی. ئەگەر مائۆ دووبــارە بە نموونە بێنینــەوە دەبینین کە سۆسیالیســم هاتە خزمەت نەتەوەی چین و یەکســانیخوازیی بۆ ئەو نەتەوەیــە بەرهەم هێنا. چینییەکان لێــی بەهرەمەند بوون و پێــی رزگار بوون [بەرانبەرکێ لەگەڵ ژاپۆنییەکان]. هەروەها لێنین باسی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووســی خۆیانــی کــرد و تەنانــەت ئیجازەی جوێبوونەوەی پێ دان لە ئەگەری زوڵــم و زۆرداریی نەتەوەی باڵادەســت بە سەر ژێردەستدا.

هاتنــی ئەندێشــەی چــەپ [بــە واتا مارکسیستییەکەی] بۆ ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ ســەردەمی دەســەڵاتداریی قاجارەکان؛ بەڵام لەگەڵ هاتنەسەرکاری پەهلەوییەکان بــوو کــە حیزبی کۆمۆنیســتی ئێــران و دواتریش حیزبی توودە بە فەرمی دامەزران. گوتاری سەرەکیی حیزبە چەپەکانی ئێران جیاواز لەوەی بە جلوبەرگی مارکسیســتی داپۆشرابوون، لەســەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەییــی ئێران و جوغرافیای سیاســیی ئێــران خــۆی پێناســە کــردووە. رەگەی «نەتەوەگەراییــی ئێرانــی»، هەمیشــە لە هەناوی ئەو گوتارەدا هەبووە و پاراســتنی مەفهومی «ئێرانــی فەرهەنگی»ی بە ئەرک و رەســاڵەتی خــۆی زانیــوە. روناکبیرانی چەپی ئێرانی زۆر بە باشــی لەو راســتییە



تێگەیشتوون کە مەفاهیم و تیئۆرییەکان تەنێ کەڵک و ئیستفادەی موجەڕڕەد و ڕووتیان نییە کە دەقاودەق و بێ دەستکاری وەرگێردرێنە سەر کۆمەڵگای ئێرانی. ئەوان نەهاتوون چوارچێوەی بنەڕەتیی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی تێک بدەن [کە باش دەزانن بەرهەمی زێهنیەتی ناسیۆنالیستیی سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوییە و بە پێی بڕیار و حەرەکەیەکی سیاسی بەسەر جوغرافیای ئێراندا سەپاوە]. واتا ئەوان دەزانن کە «ئێران» چەمکێکی سیاسییە و چەمکی «ئێرانی گەورەی فەرهەنگی» تەنیا فەنتازیا و خەیاڵێکە لە ناو زەینی پان ئێرانییەکاندایە، بەڵام وەک گریمانە و پێشمەرجێک بێ ئەوەی بۆ تەنیا جارێک گومانی لێ بکەن، پەسند کراوە.

مارکس لە شی کردنەوەی پەیوەندیی نێوان ژێرخان و سەرخاندا، ڕۆڵی سەرەکی بە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەدات و حەوزەکانی وەک سیاسەت، فەرهەنگ و فەلسەفە بە لێکەوتەی ئەو پەیوەندییانە دەزانێ. واتا ئەگەر کانتێکستی ئێران بە شێوەیەکی مارکسی بخوێنینەوە، دەبێ چەمکی سیاسیی «ئێران» و «فەرهەنگی ئێرانی»، بە سەرخانی پەیوەندییە ئابورییەکانی قۆناغی سەرهەڵدانی پەهلەوی بەبەستینەوە و بڵێین جوغرافیای سیاسیی ئێران، لێکەوتەیە و دەرەنجامی هەوڵ و ماندوبوونی بورژوازیی ئێرانیە. کەوابوو دوبارە دەکرێ لە ڕێگەی دامەزراندنەوەی ئەو جوغرافیا سیاسییە ئەو تەقەددوسە لەسەر «تمامیت ارضی ایران» لابەین. بەڵام هیچ کات نابینین چەپی ئێرانی [هەڵبەت ئەگەر بڵێین چەپی فارس ڕەنگە دەقیقتر بێ] پەردە لەسەر ئەو لێکەوتە سەرخانییە لابات و مەفهومی جوغرافیای سیاسی لە فۆرماسیۆنێکی تازەدا پێناسە بکات. چەپی مارکسیستی ئێرانی بە هەوای ناسیۆنالیسمی ئێرانی تەنەففوس دەکا و وەکوو پرەنسیپ و ستراتێژی قەبووڵی کردووە. دروشمی «بەرابەریی خەلقەکانی ئێران»یش لێرەدا لە بری ئەوەی مافی یەکسان بۆ گەلانی ئێران بەرهەم بێنێ، زیاتر بە مەبەستی پەردەپۆشکردنی پرۆژەیەکی سیاسی بەکار دێت و ئامانجە سەرەکییەکان لە ژێر دەزگایەکی گوتاریدا دەشارێتەوە. لەو دەزگا گوتارییەدا چەند پێشمەرجێک دیاری کراون. بۆ نموونە:

-هەموو ئەو گەلانەی لە ئێران دەژین، بە ئێرانی حیسابن و بەشێکن لە نەتەوەی



گەورەی ئێرانی.

«-تمامیت ارضی ایران» (یەکپارچەییی خاکــی ئێران) هێڵی ســوورە و پێویســتە یەکسانیخوازی، گەلان لەو ستراکتۆرە ڕزگار بکات و سیستەمی چینایەتی لە ناو ببات.

-هێــزی دیاریکــەر و چارەنوســساز «کرێکاری ئێرانییە» و هەر ئەو کرێکارەشــە گۆڕانکاریــی گەورە دروســت دەکات و لە کۆتاییدا لەدەست ســەرمایەداری ڕزگاری دێت.

لێــرەدا چەپــی مارکسیســتی ئێرانی [بە هەموو لقەکانیەوە]، خۆی خســتووەتە خزمەت نیشــتمانی ئێران و بە پاراستنی ســەرخانی بونیاد و ســتراکتۆری داسەپاو (کە بەرهەمی ڕەوتە ناسیۆنالیســتەکانن) درێــژە بــە ژیانــی خــۆی دەدات. ڕەنگە لێرەدا ئەو پرســیارە دروســت بــێ، گەلۆ مەگەر پێشــتریش ئێمــە نەمانکوت هەر وڵاتەی بۆ ڕزگاری و پێشکەوتنی ڕەهەندە جۆراوجۆرکانــی کۆمەڵایەتــی، سیاســی، ئابــووری و کەلتووریی خۆی ئەندێشــەی مارکسیســتیی بەکار هێناوە؟ ئەی بۆچی کە باســەکە گەیشتە جوغرافیای سیاسیی ئێــران، هێنــدە مانــۆڕی دێتەســەر کە چەپــەکان ســتراکتۆرەکان دەپارێــزن و هەوڵی بەرجەســتە کردنــەوەی چەمکی «ئێرانــی فەرهەنگی» دەدەن؟ ڕەنگە وڵامی ئەو پرســیارە پێویستی بە لێکدانەوەی زۆر هەبێ و لە ڕوانگە و گۆشەنیگای جیاوازەوە شــیکاریی بوێ. بەڵام ئەگــەر لە دەلاقەی «پرســی نەتەوەکانی ئێرانــەوە» چاوی لێ بکرێ، دەبینین کە عەینییەت بەخشــینی چەمکی ئێرانی فەرهەنگی و گریمانەگرتنی ئێرانی سیاسی، خۆی لە خۆیدا درێژەپێدان و بەرهەمهێنانەوەی ناعەداڵەتییە بە هەموو جۆرەکانیەوە :

– لــە بــواری پەیوەندییەکانــی بەرهەمهێنانــەوە، پەراوێــزی ئێــران دەبەســتێتەوە بــە ناوەندی ئێرانــەوە. واتا دووبــارە هەڵاواردن لە ئاســتی ناوچەکانی ئێــران دروســت دەبێت. سۆسیالیســمی دەوڵەتی کە خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنانە و دژی «خاوەندارێتیی تایبەت»ە، دەکەوێتە کۆنترۆڵــی دەســەڵاتداران کە هــاوکات پێداگــرن لەســەر مێژوویی بوونــی ئێرانی فەرهەنگــی و «خزمەت بــە ناوچە فارس نشینەکان دەکات».

– لــە باری سیاســی و دامــودەزگای ئیداری و بە گشــتی بۆروکراسی لە ئێران، بە حوکمی ئەوەی دامەزراوە حکوومییەکان



لە ناوەندی ئێران دامەزراون و جێگیر بوونە و مارکسیستی ئێرانی هەوڵی بۆ دێسێنترالیزەکردنی دەسهەڵات لە ڕێگەی بونیادنانی سیستەمێکی کۆنفێدێرالی [غەیری ناوەندی] نادات، نەتەوەکانی غەیری فارس بە جۆرێکی تر دەچەوسێنێتەوە و دیسان لە دەسەڵاتی سیاسی بێبەش دەکرێن یان باشترە بڵێین «کۆمۆنیستە غەیرە فارسەکان» کە خاوەنی شوناس و حافیزەیەکی مێژوویی- ئانتۆلۆژیی جیاوازن، لە «سۆسیالیسمی خۆماڵی و نیشتمانی»ی خۆیان دادەبڕێن و پەیوەندییەکانی باڵادەستیی فارسەکان بەسەر ژێردەستەییی غەیرەفارسەکان، ئەوجار بە ناوی «دەوڵەتی سۆسیالیستیی ئێران» تۆکمەتر دەکرێن.

- لە باری کەلتووری و بە تایبەت مەسەلەی زمان و خوێندن کە دەچێتە خانەی پەروەردەوە، مارکسیستە ئێرانییەکان بەدیلێکی گونجاویان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ناسیۆنالیسمی فەرهەنگیی نەتەوەکانی غەیرەفارس پێ نییە. لە حاڵێکدا کە نەتەوە غەیرەفارسەکان باس لە «خوێندن بە زمانی زگماکی» دەکەن و بە فەرمی ناسینی زمانەکەیان لە لایەن دەوڵەتی سۆسیالیستی ئێرانەوە، بە لانیکەمی مافە ڕەوا و بەدیهییەکانی خۆیان دەزانن، لە باشترین حاڵەتدا مارکسیستە ئێرانیەکان تەنیا «خوێندنی زمانی زگماکی» بە ڕەوا دەزانن و لەوەی بترازێ مافێکی تر قائیل نین. ئیدی چۆن چارەسەری مەسەلەی شوناسخوازانەی نەتەوە غەیرەفارسەکان، وەک خەسارێک بۆ چەسپاندنی سۆسیالیسم دەبینن، ئەوە دەبێ بۆخۆیان وڵام بدەنەوە. هەرچەند وڵامەکە لای ئێمە ڕوونە و باش دەزانین ئەو بیرۆکەیە پاشماوەی بەجێماوی شۆڤێنیزمی فارسییە کە لە فۆرمی چەپدا سەری هەڵداوەتەوە.

به پێچەوانەی ڕەخنەی باو [بە تایبەت

ناسیۆنالیستە کوردەکان]، کێشەی چەپی کوردی ڕۆژهەڵات ئەوە نییە ئینتمای چینایەتیی هەیە و حەول بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان دەدات. بە عەکسەوە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئامانجێکی پیرۆز و ئەخلاقییشە. کەڵکەڵەی هەبوونی کۆمەڵگایەک کە تێیدا «عەدالەت» دەستەبەر کرابێ، یەکێک لەو پرسە گرینگانەیە کە لە فەلسەفەی سیاسیدا بە مەبەستی شەرعییەتدان بە حوکمڕانی هاتووەتە بەر باس. واتا بۆ ئەوەی حوکمڕان دەسەڵاتێکی مەشرووعی هەبێ و خەڵکیش پەیڕەوی ئەو دەسەڵاتە بن، پێویستە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی حوکمڕان، چەسپاندنی عەدالەت و مامەڵەکردنی یەکسان لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا بێ.

کێشەکە کاتێک دروست دەبێ کە چەپی کوردی ڕۆژهەڵات دەبێت بە پاشکۆ و بەشێک لە جەستەی چەپی ئێرانی. واتا کاتێک دەیهەوێ بوون و دەرکەوتەی هەبێ، لە بری ئەوەی سیستەمێکی مانادار و واتادار لە هەناوی تێزەکانی مارکس، بۆخۆی بەرهەم بێنێ و لە دۆخی مێژوویی - مەعریفی - ئانتۆلۆژیی تایبەت بە خۆیدا کەڵکەڵەکانی خۆی پڕۆبلێماتیزە بکات، دەچێتە پاڵ سیستەمی مانایی مارکسیسمی ئێرانی و لە ژینگە-جەهانی ئەودا خۆی ئاراستە دەکات. لێرەدا مارکسیسمی کوردی ڕۆژهەڵات، مارکسیسمێک نییە کە چینی کرێکار و زوڵم لێکراوی خۆی واتا پڕۆڵتاریای کورد ڕزگار بکات؛ بەڵکوو دیسان «پڕۆڵیتاریای کوردی» دەبێ چاوەڕێی فریادرەسی «پڕۆڵیتاریای ئێرانی» [لە واقع دا پڕۆڵیتاریای فارس] بمێنێتەوە و فەرمانی شۆڕش لەوی وەرگرێ. بەجێی ئەوەی سۆسیالیسم وەک تاکە ڕێگەی ڕزگاریی بەشەرییەت بۆ خۆی دابمەزرێنێ و دەوڵەتی سۆسیالیستیی کوردستان بە ئامانجی دوارۆژی خۆی بزانێ، هێز و وزەکانی خۆی چڕ دەکاتەوە بۆ ئێرانی گەورەی فەرهەنگی لە فۆرمی سۆسیالیسمدا. ئێرانێک کە پڕۆڵیتاریای کوردی، هیچ ئینتمایەکی بۆی نییە و بگرە بە حوکمی ئەو چەوساندنەوەی بە دژی کراوە، بە ئاستێکی بەرز لەو چەمکە بێزارە و نایهەوێ دووبارە بچێتەوە ژێر دەسەڵاتی.

مێژووی هاوبەش و هەست و سۆزی هاوبەشی کرێکۆڵ و کرێکاری کورد لە گەڵ نیشتمانەکەی خۆیەتی و «ژینگە-جیهان»ەکەشی جیاوازە لەو «ژینگە-جیهان»ەی ئێرانییەکان تێیدا ژیاون. تەنانەت لە باری «پەیوندییەکانی بەرهەمهێنان»یش جیاوازییەکی زۆر هەیە. سەرمایەداری [هەڵبەت ئەگەر دانی پێدانێین لە کوردستان ئەو قۆناغە تەجروبە کرابێ] لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە میکانیسم و کارگێڕییەکی جیاواز لە سەرمایەداریی سەنعەتیی ئێرانی خۆی نیشان داوە. هەروەک لە سەرەتاوە باسمان لە جیاوازییەکانی سۆسیالیسمی مائۆیی و لێنینی کرد، لێرەشدا ئەشێ باس لە ئێلێمان و توخمە جیاوازەکانی سۆسیالیسمی کوردی و ئێرانی بکەین. سۆسیالیسمی کوردی ڕۆژهەڵات پێویستە بە دنیابینیی سەرچاوەگرتوو لە پرس و کەڵکەڵەکانی کۆمەڵگای خۆی، دۆخی کرێکارانی کورد چارەسەر بکات. پاراستنی بونیاد و چوارچێوە داسەپاوەکانی ئێران و حەولدان بۆ چارەسەری بە پشت و پەنای سۆسیالیسمی ئێرانی، ناتوانێ «سەرخان»ە سیاسی و کەلتورییەکان بگۆڕێ. هەر ئەو «سەرخان»ەش ڕێگرە لەوەی چەمکگەلی تازە لە حەوزەی سیاسی، ئابووری و کەلتووریدا بێنە ناو جوغرافیای سیاسیی ناوچەکەوە.